KOMMUNISTISKA PARTIET

## بۆ ئێوه که له سوید کار دەکەن

ئێمه ڕوومان له ئێوەیه که له سوید کاردەکەن و به هیواین کاتتان هەبێ که ئەم دەقەی خوارەوه بخوێننەوه

له ڕاستیشدا قسەکه لەسەر خۆتانه؛ ئێوه که کاری پاک و پوختي و ستەدا دەکەن؛ پاس لێدەخوڕن یان تاکسي، له سەر دووکان ئیش دەکەن یان له کارخانه یان له چیشتخانەکان یان له چاودێري نەخۆش و پەک کەوتەن یان له نەخۆشخانه ئیش دەکەن. قسه له ئیوەیه که یەکجاري بێ ئیشن یان دڵەخورپەی ئیشی کاتي یان کاری شەریکەی ناردن بۆئیش ئازارتان دەدا. تۆ که له بینا سازي ئیش دەکەی یان له شەمەندەفەر یان ناوەندی تەلەفۆن یان ڕۆژنامه بڵاودەکەنەوه یان له کارخانەی ئۆتۆمبیل ئیش دەکەن یان له هەمبرگرفرۆشي یان له مەدرەسه لەگەل منداڵان کاردەکەن

هەرکامەمان بارودۆخی جیاوازمان هەیه بەڵام له شتی گرینگیشدا هاوبەشین: هەموو له سوید ئیش دەکەین و هەموومان ناچارین هێزی کارمان بفرۆشین به شەریکەکان و به کارفەرماکان بۆ ئەوەی خۆمان و خێزانمان بەڕێوەبەرین

ئێمه، قەت نابێ بەرژەوەندي هاوبەشمان لەبیرچێتەوه و ڕێگا به کارفەرما بدەین که جیاوازي بخاته نیوانمانەوه. ئەوان دەیانەوێ ئیشکەران بنێنه بەرانبەر بێکارانەوه؛ دەیانەوێ بەگوێرەی شوێنی لەدایکبوون یان ئەوەی باوەڕمان به کامه ئایین هەیه یان نیه، کایەمان پێبکەن. دیاره کۆتایي له خۆیشمانەوه دەبێ ئەگەر ڕێگایان پێبدەین جیامان کەنەوه لەیەکتر؛ یان به گوێرەی جیاوازي ڕوخسار، گیروگرفت بخەنه سەر ڕێگای یەکیەتیمان. ئەمه لاوازمان دەکا

کاتێک ئێمه به تواناوه له پەنا یەکتردا نەبین، ئەوان دەستێکی ئاوەڵاتریان دەبێ. ئەوان دەتوانن بارودۆخی ئیشکردنی ئێمه خراپتر بکەن و مووچەکانمان داشکێنن؛ دەتوانن ئیشەکانمان بخەنه بەر دڵەڕاوکێ و مەترسي زیاترەوه. وەک بڵێی ئێمه دەبێ دایم چاوەروان بین کەی شەریکەیەک پێویستي به هێزی کارمان هەبێ! ئێمەی بێ ئیش ناچار به کاری پووچ و بێ مانا وبێقیمەت دەکەن یاخود دەبێ له مەترسي دەرکران له سوید بین

تەنانەت له دەروەی شوێنی کار، چینی چەوسێنەر و سیاسەتبازەکانیان، ژین به ئێمه تاڵتر دەکەن. لێدەگەڕێن ماڵمان و شوێنی ژیانمان شپرزبێ و داوەشێ؛ یان بفرۆشرێ به شەریکەی پریڤاتی ماڵ به کرێدان و کرێخانوومان یەکجاري سەرکەوێ. لەو گەڕەکانەی ئێمه، خزمەتگوزاري کۆمەڵایەتي و ریفاهیات کەم دەکەنەوه. گیروگرفتی کۆمەڵایەتي و تاقمه تاوانکارەکان و زەخت و زۆرکاران و ماده هۆشبەرەکان روو له زیادبوونه

بارودۆخ نابێ وابێ. سوید له هەمیشه دەوڵەمەندتره. موشکیلەکه لەوێدایه که پاره له چنگ کەمایەتییەکدا کۆ بووەتەوه. یەک له سەدی خەڵکی سوید خاوەنی ٤٠%ی سامانی کۆمەڵگایه. چینی سەروو هەر ئەمەی دەوێ. هەربۆیەش سیاسەتی وا دەبەن بەڕێوه که پاره له گیرفانی کرێکار دەربێنن و بیڕژێننه کیسەی دەوڵەمەند؛ له مووچه و حەقدەستی ئێمه کەم بێتەوه و قازانجی ئەوان زیاتربێ؛ له ریفاهی کۆمەڵایەتي کەم بێتەوه و بچێته سەر سامان و سەرەوتی ئەوان

حیزبی کۆمۆنیست، حیزبی کرێکارانه و داکۆکي له قازانجی کرێکار دەکا. ئێمه دەمانەوێ هەموو کرێکاران له سوید یەک بگرن که کۆمەڵگا به چەشنێکی تر ڕێکبخەن

- مافی هەموان بۆ ژیانێکی شیاوی ئینسان، واتا ئەو بایەخانەی کاری هاوبەشمان دەیخولقێنێ دەبێ ژیانی هاوبەشمان باشتربکا نەک کەمایەتییەک دەوڵەمەندتر بکاتەوه. سوید پێویستي به خەباتێکی دژ به دەوڵەمەندبوونەوەی کەمایەتییه، خەباتێک که پاره لەو شوێنانەی ئێستای هەڵبگرێ و بیباته ئەو شوێنانەی پێویستي به پارەیه
- ئینسانەکان کەل و پەلی بازرگاني نین که بیانکڕن و بیانفرۆشن نەوەک کرێکار و نه لەوێش که پێویستیمان به مەکتەب و داشتیاري و هۆش پێوەبوونه
- پلان دانانی هاوبەش له بشێوەی پریڤات باشتره. ئەوشەریکه و دامەزراوانەی بۆ هەموان پێویستن دەبێ له ژێر داشتیاري کۆمەڵگادا بن

دنیایەکمان دەوێ لەسەر هاوپشتي و دادوەري دامەزرابێ نەک لە سەر زەخت و زۆری دەوڵەمەندان و لەسەر چەوسانەوەی ئێمە  ئەمە داخوازي ئێمەیە چ لە نێوخۆی وڵاتان و چ لە ئاستی وڵاتانی دەوڵەمەندی ڕوژاوا و چ لە باقی جیهان. چینی کرێکاری جیهان و خەڵکی چەوساوە پێویستییان بە هاوپشتییە؛ نەک بەئەمەگ بوون بۆ چینی باندەستی خۆوڵاتي

بە سپاسەوە کە کاتت دانا و ئەمەت خوێندەوە؛ ئێمە بە هیواین کە تۆش ڕات لەگەڵ ئێمە بێ. ئەگەر تۆ ئەندامی ڕێکخراوێک یان نەقابەیەکی، ئێمە بەدڵ ئامادەین بێین بۆ لای ئێوە و لەسەرئەم قسەوباسانە و لەسەر ئەوەی پێکەوە دەتوانین بیکەین، بدوێین. باشترە کە پێش هەڵبژاردنەکەی ١٤ی سپتەمبەر (ئەیلوول) بێ؛ هەرچەند، پاش ئەوەش هەر دەکرێ

ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینە لە سوید نەبەستراوەتەوە بەم هەڵبژاردنەوە بەڵکوو بەستراوە بە کاری هاوبەشی ئێمەوە، بە خەباتی هاوبەشمانەوە لە پێناوی ئەوشتانەی بۆ چینی کرێکار گرینگە. پشتیوانیمان لێبکەن و دەنگ بدەن بە هاوپشتي کرێکاران. حیزبی کۆمۆنیست لەم هەڵبژاردنە کۆمۆنییانەدا پاڵیوراوی هەیە

ئالینگسۆس، یسلاڤید، یۆتۆبۆری، هێلسینبوری، یۆنشۆپینگ، کارلسهامن، کارلستاد، کریستیەنستاد، لودڤیکا، لوند، لیسەشیل، مالمۆ، مۆلنداڵ، نۆرشۆپینگ، نیبروو، ڕۆبێرتسفۆرس، ساندڤیکێن، ستۆکۆڵم، ترەلەبۆری، ئوددەڤالا، ئوپسالا، ڤەرنامو، ڤەستەرۆس، ڤەکخۆ و ئۆرەبروو هەروەها لە هەڵبژاردنی باوەرپێکراوی شارستانی ستۆکۆڵم و هەرێمی سکۆنە

Kommunistiska Partiet

www.kommunisterna.org

info@kommunisterna.org